# رۆڵی راگەیاندنی ئاسایش لە روبەرو بونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی روپێوییە

**ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا[1]، یۆهان عوسمان حەمە[2]**
بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لە رۆڵی راگەیاندنی ئاسایش لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە روبەروبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایانی زانکۆ فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بە نمونە وەرگیراون و فۆرمێکی پێوانەییان بەسەردا دابەشکرا، بەو پێیەی مامۆستایانی زانکۆ بە دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە دادەنرێن و دەکرێت بۆچونی ئەوان ببێتە بنەمایەک بۆ دیاری کردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی راگەیاندنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا، دوای هەڵاوێرکردنی فۆرمەکان ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە مامۆستایانی زانکۆ بەپلەی یەکەم لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە ئاگاداری پەیامی راگەیاندنی ئاسایش دەبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ، هەروەک ئەوەشیان خسۆتە روو ئەو پەیامانە توانیویانە کاریگەری بکەنە سەر رەفتاریان لە دژایەتیکردنی تیرۆر.

**کلیلە ووشەکان-** رۆڵ، رۆڵی راگەیاند، راگەیاندنی ئاسایش، رۆڵی راگەیاندنی ئاسایش، تیرۆر، رووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان تیرۆر، تیرۆر لەهەرێمی کوردستان.

## پێشەکی :

رۆژ لەدوای رۆژ گرنگی راگەیاندن لە نێو کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکاندا زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات و کاریگەری کردۆتە سەر جولەی کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی و بۆتە فاکتەرێکی دیاری بونیادی تاک لە رووی وەرگرتنی زانیاری و دروستکردنی بڕیارو ئەنجامدانی رەفتار، هەر بۆیە دەزگاکانی ئاسایش بۆ دابینکردنی ئارامی وڵات لە پاڵ گرتنەبەری رێوشوێنە سەربازییەکاندا بەردەوام پەنا بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەن بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و ئاگادارکردنەوەیان لەتازەترین پێشهاتەکانی پەیوەست بە دۆخی ئاسایش، لە نێو زۆرێک لەو دەزگایانەشدا بەشی تایبەت بەو بوارە هەیە بەناوی راگەیاندنی ئاسایش، ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتانیش سەلماندوویانە راگەیاندنی ئاسایش لە زۆر رووەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوەو کاریگەری ئەرێنی لەسەر هاوڵاتیان دروست کردووە.

لەگەڵ هەڵکشانی مەترسییەکانی تیرۆریش کە تا دێت لەتەواوی ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە راگەیاندنی دەزگاکانی ئاسایش بۆنەتە هۆکارێک بۆ پاراستنی هاوڵاتیان و رۆڵێکی کارایان گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستان .

بەو پێیەی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دەسەڵاتێکی فیدراڵی بەدەر نەبووە لەمەترسییەکانی تیرۆر بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەعێراقدا، زۆرجاریش روبەروی مەترسییەکانی تیرۆر بۆتەوە، لایەنە بەرپرسەکان بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم پەنایان بردۆتە بەر دەزگاکانی راگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و روبەروبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ روپێوی کردنی رای مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەیامی راگەیاندنی ئاسایشی هەرێم کە زۆر جار لەچوارچێوەی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ روبەروبونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی مەترسییەکان لە رێگەی هۆکارە جۆراو جۆرەکانی راگەیاندنەوە پەخشییان کردووە.

## بەشی یەکەم
## میتۆدنامە

**کێشەی توێژینەوە:** تیرۆرو دەرهاویشتەکانی بە یەکێک لە دیارترین ئەو کێشانە ئەژمار دەکرێت کە روبەرووی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئارامی و سەقامگیری وڵات دەبێتەوە، بە جۆرێک تا ئەو کێشەیە چارەسەرو بنبڕنەکرێت ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست فەراهەم ببێت، لە زۆرێک لەو وڵاتانەی دیاردەی تیرۆر بوونی هەیە، راگەیاندن بە نێوەندێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیەو قەڵاچۆکردنی، هەربۆیە دەزگا تایبەتەکانی پەیوەست بەقەڵاچۆکردنی تیرۆر لەپاڵ رێو شوێنە سەربازییەکاندا پەنا بۆ راگەیاندن دەبەن بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 6، العدد 3(2020) ؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v6n3y2020.pp10-24
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 15 تموز 2020؛ قُبل في 12 آب 2020؛ نُشرت في 26 آب 2020؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :Ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq, yohan.hama@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2020 ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، یۆهان عوسمان حەمە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەرگرتن بە مەترسییەکانی تیرۆر، لەم سۆنگەیەوە لەهەرێمی کوردستاندا دەزگاکانی ئاسایش وەک لایەنی بەرپرس لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر ناوە ناوە لەرێگەی بەشەکانی ڕاگەیاندنیانەوە پەیامی جۆراوجۆر ئاڕاستەی هاوڵاتیان دەکەن وەک بەشێک لەهەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، بەڵام بەئاگابوون لەو کاریگەرییەتیانەی دروستی دەکات لەسەر هاوڵاتیان جۆرێک لە تەمومژاوی پێوەدیارەو نازانرێت تاچ ڕادەیەک و لە چ بوارێکدا سەرکەوتوو بووە، بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەئاگابوونە لە ڕۆڵ کاریگەرێتی ڕاگەیاندنی ئاسایشی هەرێم لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، هەروەک دەتوانرێت لە ڕێگەی پرسیار گەلێکەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بخرێتە ڕوو:

آ- ئایا ڕاگەیاندنی ئاسایش لە هەرێم توانیویەتی زانیاری پێویست بگەیێنێتە هاوڵاتیان لەسەر مەترسییەکانی تیرۆر و شێوزای بەرەنگاربوونەوەی ؟

ب- ئایا ڕاگەیاندنی ئاسایش لە هەرێم توانیویەتی لەسەر ئاستی ویژدانی هاوڵاتیان بجوڵێنێ لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی گروپە تیرۆریستییەکان بڵاوی دەکەنەوە؟

پ- ئایا ڕاگەیاندنی ئاسایش لە هەرێم توانیویەتی کاریگەرێتی لە سەر ڕەفتاری هاوڵاتیان دروست بکات و وایان لێ بکات بە شێوەیەکی کردەیی بەشداری لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکەن؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەچەند ئاستێکدا دەردەکەوێت، لەوانە بەرچاو ڕوونیەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەرێم لەسەر شێوازی دروست لەبەگەرخستنی ڕاگەیاندن بۆ ڕووبەڕو بونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر، بەو پێیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ڕای مامۆستایانی زانکۆ وەربگرێت دەربارەی ئەو پەیامانەی ڕاگەیاندن کەپێشتر ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیانە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خستویانەتەگەڕ بۆ ڕووبەڕو بونەوەی تیرۆر، گرنگییەکی دیکەش بۆ کتێبخانەی زانستی کوردییە کەئاوردانەوەیە لەم بابەتە، بەو پێیەی لەسەر ئاستی ئەکادیمی بەشێوەیەکی زۆر نییە، ئەم هەوڵە زانستییەش بێگومان دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکرنی ئەو بوارە، ئەمە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ گەیاندنی سودو قازانج بەجەماوەر تا ئاسایش و ئارامی زیاتر فەراهەم بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە :** توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت:

آ- بە ئاگابوون لە ڕادەی تەماشاکردنی پەیامەکانی ڕاگەیاندنی ئاسایش لەلایەن لێتوێژەرانەوەو خستنەڕووی ئەو کەم کورتییانەی ئەو پەیامانە هەیانە کە وادەکات بەشێک هاوڵاتیان لێی بەئاگا نەبن.

ب- ئاشنابوون بە کاریگەرێتی پەیامی ڕاگەیاندنی ئاسایش لە سەر ئاستی مەعریفی لێتوێژەران لە پرسی بەرەنگاریوونەوەی ئەو مەترسیانەی تیرۆریستان دروستی دەکەن.

پ- خستنە ڕووی ڕادەی کاریگەرێتی پەیامی ڕاگەیاندنی ئاسایش لەسەر ئاستی ویژدانی لێتوێژەران لە پرسی بەرەنگاریوونەوەی ئەو مەترسیانەی تیرۆریستان دروستی دەکەن.

ج- بە ئاگابوون لە ئاستی کاریگەرێتی پەیامەکانی ڕاگەیاندنی ئاسایش لە سەر ڕەفتاری لێتوێژەران لە پرسی بەرەنگاریوونەوەی ئەو مەترسیانەی تیرۆریستان دروستی دەکەن.

چ- دیاریکردنی ئەو جیاوازییە ئامارییانەی لە وەڵامی لێتوێژەرانی هەیە سەبارەت بە کاریگەرێتی پەیامی ڕاگەیاندنی ئاسایش بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، جۆری زانکۆ، پسپۆری، نازناوی زانستی).

**توێژینەوەکانی پێشوو :** دوای گەڕانێکی زۆر ئەم توێژینەوەیە نەیتوانی دەستی بکات بەتوێژینەوە زانستییەکانی پەیوەست بەڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی توانی چەند توێژینەوەیەک بەدەست بخات لەوانە:

ا- توێژینەوەی (أیهاب ربجي الحصين)( أيهاب الربجي الحصين، أثر الاعلام الامني على أداء العاملين في الاجهزة الامنية في قطاع غزة، جامعة الاسلامية بالغزة، قسم ادارة الاعمال، رسالة ماجستير غير منشورة، 2012).

توێژەر تیشکی خستۆتەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئاسایش لەسەر کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش و هۆشیارکردنەوەیان دەربارەی بارودۆخ و ڕووداوە نەخوازراوەکان، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستووە، ئامانجی توێژینەوە بریتییەلە هەڵسەنگاندن و زانینی ڕادەی کاریگەری ئاسایشی لەسەر کارمەندانی دەزگا ئاسایشییەکان ودەرخستنی کەم و کورتی ڕاگەیاندنی ئاسایش لەکاراکردنی کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش، گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کەڕاگەیاندنی ئاسایش کاریگەریەکی کەمی لەسەر ئەندامانی دەزگاکانی ئاسایش دروست کردووە.

ب- توێژینەوەی (رامي عمر الطناني)( رامي عمر الطناني، مهارات رجل الشرطة في التعامل مع الجمهور وأثرها على فعالية تقديم الخدمة ا منية، الجامعة الإسلامية – غزة، كلية التجارة، قسم إدارة الأعمال، رسالة ماجستير غير منشورة، 2010)

ئەم توێژینەوەیە باس لەدەرخستنی توانای کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش دەکات لەگەڵ ڕاگەیاندن و جەماوەر لەفەلەستین توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستووە، ئامانجی توێژینەوەکە تێگەشتن لەوەی تاچەند کارمەندانی ئاسایش دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لەگەڵ بارودۆخە تایبەتەکان، توێژینەوەکە گەیشتووە ئەو دەرئەنجامەی کارمەندانی ئاسایش توانای کۆنترۆڵکردنی خۆیان هەیە لەچۆنێتی مامەڵە کردنی تاوانبار و تیرۆریستان و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بارودۆخەکاندا.

پ- توێژینەوەی (سعيد بن مصلح السريحي) (سعيد بن مصلح السريحي، سبل تطوير العلاقة مهنيا بين الاعلاميين ومسئولي الامن، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، 2006).

ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی خستۆتە سەر پەیوەندی نێوان کارمەندانی ئاسایش و ڕاگەیاندن تاچەند هاوکاری یەکتری دەکەن و کاری یەکتر تەواو بکەن، ئامانجی گەیشتنە بەوەی تاچەند مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت لەلایەن کردەوە تیرۆریستییەکانەوە و ڕۆڵی ڕاگەیاندن و دەزگا وکارمەندانی ئاسایش چییە لە کەم کردنەوەی پێشێلکارییەکان، توێژەر پشتی بە میتۆدی ڕوپێوی بەستووە، توێژینەوەکە گەیشتووتە ئەو دەرئەنجامانە کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەر سەبارەت بەماف و سنورەکانیان.

ج- توێژینەوەی (Dimiteris Gritzalis and others)( Dimitris Gritzalis, Miltiadis Kandias, Vasilis Stavrou, Lilian Mitrou, History of Information: The case of Privacy and Security in Social Media, Information Security & Critical Infrastructure Protection Research Laboratory Dept. Of Informatics, Athens University of Economics & Business, 2014)

ئەم توێژینەوەیە باس لەدەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئاسایش دەکات لەدەرخستنی هەندێک هەڵسوکەوت کەدەبنە هۆکارێک بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی نەگونجاو بەبەکارهێنانی ڕاگەیاندنی نوێ، ئامانجی توێژینەوە بریتییەلە تیشک خستنە سەر هەڵسوکەوتی خۆ پەرستی کەکار دەکاتە سەر تێکدانی ئاسایش و دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەربارەی کارو چالاکی سیاسی، و کاریگەری لەسەر گۆرانکاری کردن لەئەنجام و ڕوداوە سیاسییەکان، توێژینەوەکە گەیشتووە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕاگەیاندنی نوێ ڕۆڵ دەگێرێت لەدابینکردنی ڕاگەیاندنی ئاسایش و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەربارەی ڕوداوەکان و هەڵسوکەوت و گۆرانکارییە سیاسییەکان.

د- توێژینەوەی (Robert A.Sedler) (Robert A.Sadler, The Media and National Security, Wayne University of State, Research Gate, 2008)

توێژینەوەکە باسی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ئاسایش دەکات و پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە، ئامانجی توێژینەوەکەی پیشاندانی ڕۆڵی ڕاگەیاندنە لەبەهێز کردنی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و ئاسایش، گەیشتووە بەو ئەنجامەی ڕاگەیاندن ئامرازێکی سەرەکی سەرنج ڕاکێشە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هێنانە سەر خەتی یاسا بۆ یەکلای کردنەوەی گرفتەکان و گەورە کردن و بچوککردنەوەی کێشەکان.

**سود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو:** ئەم توێژینەوەیە توانیویەتی سود لەتوێژینەوەکان پێشوو وەربگرێت لەڕووی بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی و لەڕوی تیۆریشەوە سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ دەولەمەندکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەست بوون بە پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و ئاسایش، جیاوازی نێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی تر ئەوەیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە دەستەبژێرێکی کۆمەڵگا کەمامۆستایانی زانکۆن بە نموونە وەربگرێت و لە ڕێگەی فۆرمێکی پێوانەیی لە سەر بنەمای تێۆری پشت بەستن بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئاسایش لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر بخاتە ڕوو کە تەوەرەو بڕگەکانی فۆرمی پێوانەییەکەی تەواو جیاوازن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

## بەشی دووەم
## چەمکەکانی توێژینەوە

**ڕۆڵ:**

ڕۆڵ وەک چەمک لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە بەو پێیەی لە زۆر بواری جیاجیادا پەنای بۆ دەبرێت، هەندێک جار پەیوەستە بە تاک و هەندێک جار بە بابەتێکی دیاریکراو، هەندێک جاریش تایبەتە بە بوارێک کە لەسەر زۆر بواری دیکە دروستی دەکات، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەو ڕۆڵەی بوارێکی دیاریکراو هەیەتی کە ڕاگەیاندنی ئاسایشە بەسەر ڕەفتاری تاکەوە کە مامۆستایانی زانکۆیە، ئەوا باشترین پێناسە کە لەگەڵ ئەم کێشەی توێژینەوەیەدا یەک دەگرێتەوە بریتییە لە پێناسەکەی (کاتز و کاهن) کە ڕۆڵ وەک چێوەسازییەکی پێودانگئامێز بۆ ڕەفتار دەشوبهێنن (نور علي إبراهيم ، 2013 ، ص55)، واتە بۆچون و ڕەفتارەی تاک لە بەرئەنجامی ئەو ڕۆڵەیە کە بوارێکی دیکە لەسەری گێڕاویەتی، لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گرنگییەوە دەڕواننە ئەم چەمکەو لێکدانەوەی جیاجیای بۆدەکەن، لەکۆی ئەو لێکدانەوەنەشدا هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کەئەو دامەزراوانەی دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن کە بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان ناوزەد دەکرێت گرنگییەکی زۆریان هەیە بەتایبەت لەبەرقەرارکردنی ئارامی کۆمەڵگە و کاراکردنی ئەو پێودانگە هاوبەشانەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکەن و ئاوێتەی نێوەندە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانیان دەکەن و سەرەنجام ئەو ڕێڕەو و ڕێچکەیە دەخاتە ڕوو کەرەفتاری تاک پیادا گوزەر دەکات و چەمکی خود لای تاک دروست دەکات (فاطمة نفيدسة، 2007، ص 149).

**ڕاگەیاندنی ئاسایش:**

ڕاگەیاندنی ئاسایش چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە لەوانە:

ڕاگەیاندنی ئاسایش: لقێکە لەلقەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی وڵاتەوە سەرپەرشتی دەکرێت ئامانجی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە بۆ جەماوەر لەپێناو هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە ئاسایش و هەموو گۆڕانکارییە ناوخۆی و دەرەکییەکان، هەروەها ئەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە کارمەندانی ئاسیش هەیە (حسين عبد االله عماد، 1991، ص 9).

ڕاگەیاندنی ئاسایش: ڕاگەیاندنێکی مەبەستدار و پلان بۆ دارێژراوە هەواڵ و زانیاری تایبەت بەئاسایش بڵاودەکاتەوە، بەمەبەستی تیشک خستنە ڕووی هەموو ئەرک و ماندوو بونەکانی ئاسایش کە بەدەستی هێناوە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پلان و ستراتیجی بەرەنگار بونەوەی ئەو مەترسیانەی لەسەر ئاسایشی وڵات هەیە بە پشت بەستن بە تەواوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ذياب المؤمني عطاف، 1996، ص 13).

لەم سۆنگەیەوە ڕاگەیاندن دەبێتە هێزێکی نەرم بۆ دەزگاکانی ئاسایش و لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیان هۆشیار دەکرێنەوە لەو مەترسیانەی ڕەنگە لە بواری ئاسایشدا ڕوبەڕویان ببێتەوە، هەروەک ئەو ڕاگەیاندنە هەڕەشەکان لەسەر بەها ناوەندییەکان دیاری دەکات ئەمەش ئەرکی سەرەکی هێزەکانی ئاسایشە چونکە ئاسایش هەوڵدەدات زامنی سەلامەتی هاوڵاتیان بکات و هەڕەشەو مەترسیان لەسەر نەهێڵێت (Arnold Wolfer, 05/05/2019 19:57, pp. 481-552)، بۆیە دەزگاکانی ئاسایش لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کار بۆ دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان و خۆشگوزەرانیان دەکەن (مازن إسماعيل الرمضاني، 1981، ص70).

ڕاگەیاندنی دەزگاکانی ئاسایش تایبەتمەندی خۆی هەیەو کارکردن لە نێو ئەو ڕاگەیاندنەدا جیاوازە لە بوارەکانی دیکە بەو پێیەی بابەتی ئاسایش فراوان و گشتگیرە(مدحت أبوبكر محمد سليمان، 2017، ص 16) جگە لەوەی ئەو بابەتانەی ڕوماڵی دەکات هەستیارەو وردو مەترسیدارە چەندین شوێنەواری دەرونی لەسەر وەرگر بەجێ دەهێڵێت، بۆیە دەبێت وردبینی بەمەبەست بگیرێ لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی، هەروەها لە دیاریکردنی ڕێکارە گونجاوەکان بۆ چارەسەرکردن لە قۆناغە جیاوازەکان سەرەڕای وردبوونەوە لە هەڵبژاردنی زانیاریەکان و دیاریکردنی هەڵوێست وەرگرتن لێی یاخود دەرئەنجامەکان (Alessandro Acquisti, 2009, pp. 10975-10980) هەروەک بابەتەکانی بەزۆری هاندەری کۆمەڵگاکانن بۆ گرتنەبەری ڕەفتارێکی

دياريكراو لە دژی دۆخێکی نەخوازراو بۆیە ڕاگەیاندنی ئاسایش گرنگە بتوانێت قایل بوون بگۆڕێ بۆ ڕاپەڕاندن و هەستیاریش بۆ ڕەفتار(ساسي فياض الكبيسي، 2008، ص 12).

**ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی ئاسایش:**

ڕاگەیاندن ئاسایش چەندین ئەرکی لە ئەستۆیە دەکرێت بەم شێوەیە چڕ بکرێتەوە:(Shoemaker, P, Eichholz, 2001, pp. 17)

١ -ناساندنی جەماوەر بە جۆرەکانی لادانو هوشیارکردنەوەیان لەو مەترسیانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە و شێوازی چارەسەرکردنیان.

٢ -ئاگادارکردنەوەی جەماوەر بەو هەوڵانەی دەدرێ بۆ نەهێشتنی ئەو لادانانەی کە کۆمەڵگا پیایدا تێدەپەڕێ.

٣ -تێگەیشتنی جەماوەر لەوکارانەی کە دەزگاکانی ئاسایش جێبەجێی دەکەن بۆ سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگا، هەروەها پابەند کردنی جەماوەر بە پێویستی یارمەتی دانی دەزگاکانی ئاسایش بەمەبەستی ئاشکراکردنی تاوانەکانو ئاگادارکردنەوەیان.

٤ -یارمەتیدانی جەماوەر بۆ دروستبوونی هوشیاری لایان، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی دڵنیایی‌و ئاسودەیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات و جەخت لە ڕەفتاری بەرزو جوان دەکاتەوە هەروەها جەختکردنەوە لەسەر توانای دەزگاکانی ئاسایش بۆ دەمکوتکردنی سەرپێچیکەرانی یاساو ڕێساکان.

**ڕاگەیاندنی ئاسایش و ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر**

تیرۆر بریتییە لە بەکارهێنانێکی نایاسایی بۆ هێز یاخود بۆ توندوتیژی یاخود هەڕەشەکردن پێیان، لەلایەن کەسێکەوە یا کۆمەڵێکی ڕێکخراو لەدژی کەسانی تر یاخود لەدژی موڵك و سامانی گشتی، لەگەڵ نیازی ترساندنو ناچارکردنی چەند کۆمەڵێك یان حکومەتێك بەزۆریی لەبەر هۆی جیاوازی بیروباوەڕ و سیاسەت، قوربانیانی سەرەکی تیرۆریش هاووڵاتیانی سڤیلە (Garner, Bryan A., 2004, 8th edition)، بۆیە تیرۆر کێشەیەک نییە ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی هێزێکی سەربازی یاخود دەوڵەتی بێتەوە، بەڵکو تەواوی هاوڵاتیان دەکاتە ئامانج، مەترسی تیرۆریش لەوەدایە کە تادێت لە تەواوی ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا خۆی نمایش دەکات، بۆیە دەوڵەتان بەردەوام لە ئامادەباشیدان بەمەبەستی دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ ڕوبەڕووبونەوەی دەرەنجامە ترسناکەکانی، جاچ لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە بێت یاخود لە ڕێگەی هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان، لەو نێوەندەدا، لەپاڵ ڕێوشوێنە سەربازییەکاندا، ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی ئاسایش بە تایبەتی بەشێکی دانەبڕاوو گرنگن بۆ ڕوبەڕووبونەوەی تیرۆر و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی، لەم ڕوانگەیەوە ڕاگەیاندن بە هەردوو شێوە تەقلیدی و نوێکەیەوە لە ڕێگەی تەواوی ژانرو هونەرە جیاجیاکانییەوە دەبنە میکانیزمێک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تاوانی تیرۆریستی و ئاشکراکردنی پلانی گروپە تیرۆریستیەکان و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسی تیرۆرو پێویستی هاوکاری کردنی دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ بڕینی سەرچاوەکانی تیرۆرو ئاشکراکردنی خواستی تیرۆریستان و داڕشتنی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ تیرۆر و تیرۆریستاندا (عبدالرحمن بن محمد ابن الحمراء القحطاني، 2012، ص4).

ڕاگەیاندنی ئاسایش بۆ ڕوبەڕوبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر لەسەر چەند ئاستێک پەیامەکانیان دادەڕێژن، کە هەندێکیان بۆ پاراستنی وڵاتە لە تەشەنەکردنی تیرۆر، هەندێکیشیان لە سەروبەندی ڕوداوە تیرۆریستییەکان و دەرەنجامەکانێتی و تایبەتە بە ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان و هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەسەروبەندی ڕودانی تاوانی تیرۆریستی، لە هەموو ئەو دۆخانەشدا دەکرێت ئەرکی ڕاگەیاندنی ئاسایش لەم خاڵانەدا چڕ بکرێتەوە:( ئیبراهیم سەعید، ٢٠١٨، لا ١٠٧-١٠٨).

١ -دژایەتی کردنی ئەو ژینگەیەی تیرۆر تیایدا گەشە دەکات و بڵاوکردنەوەی بەهای پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و دادپەروەری و کلتوری ژیان دۆستی، بەو پێیەی تا ژینگەی وڵات شەفاف و بێ کێشە بێت تیرۆر ناتوانێ شوێن پێی بدۆزێتەوە .

٢ -بەستنەوەی ئاسایشی کۆمەڵگە بەتەواوی هاووڵاتیانەوە، بەواتای ئاسایش پەیوەندی بەتەواوی دانیشتوانەوە هەیە و لە خزمەت تەواوی کۆمەڵگەدایە، هەروەها دژایەتی کردنی هەموو ئەو دەنگانەی ئاسایشی کۆمەڵگە دەخەنە مەترسییەوە بەتایبەت ئەوانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پروپاگەندە بۆ تیرۆر دەکەن.

٣ -هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بەمەبەستی هاوکاری کردنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرز ڕاگرتنی ئەرکەکانیان، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەک و پەیوەندی هاوڵاتیان لە نێوان خۆیاندا لەلایەکی دیکەوە بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانی پەیوەست بە خۆپاراستن لە تیرۆر.

٤ -کارکردن بۆ خۆبەدوور گرتن لە دروستکردنی ململانێ لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لە نێو ئاین و مەزهەب و نەتەوە جیاجیاکاندا، دروستکردنی پەیوندی و دایەلۆگی بونیاتنەر بۆ کۆکردنەوەی بیروراجیاوازەکان و یەکخستنیان لە دژایەتیکردنی تیرۆر بەو پێیەی تیرۆر پەیوەست نییە بە ئاین و مەزهەب و نەتەوەیەکی دیاریکراوەو لە دژی هەموو مرۆڤایەتییە

٥ -دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن بە مەبەستی خۆ بەدوورگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەی گروپە تیرۆریستییەکان لەکاتی ئەنجامدانی شاڵاوە تیرۆریستییەکاندا بڵاوی دەکەنەوەو کە هەوڵ دەدەن ڕەوایەتی بەکارەکانیان ببەخشن و لایەنگرو هەوادار بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، هەروەها خۆ بەدوورگرتن لە هەندێ زانیاری کە گروپە تیرۆریستییەکان دەیقۆزنەوە یاخود دەبێتە بەشێک لە پروپاگەندە بۆیان.

٦ -خستنەگەڕی هەموو توانای هێزەکانی دژە تیرۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی نەخوازراوی تیرۆریستی و کەمکردنەوەی ترسی هاوڵاتیان و خستنەڕووی ئەو ڕێوشوێن و کۆششانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتویانەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی زەرو زیانەکان و ئاشکراکردنی ئەنجام داران و داڕێژەرانی کردەوە تیرۆریستییەکە.

٧ -کارکردن بۆ پیشاندانی هاوسۆزی گشتی بۆ قوربانیانی دەستی کردەوە تیرۆریستییەکە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری کەس و کاری قوربانیانی تیرۆر و ئاشکراکردنی ڕووی قێزەونی گروپە تیرۆریستیەکان و ڕەتکردنەوەی ڕاگەیاندنە دژەکان ئەوانەی پاساو بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان دێننەوە یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەرونی هاووڵاتیان دوچاری شڵەژانی زیاتر دەکەن.

٨ -کارکردن بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی لە دژی تیرۆریستان لە ڕێگەی جەخت

کردنەوە لەو راستییەی تیرۆریستان کار لەسەر تۆقاندنی هاوڵاتیانی مەدەنی دەکەن و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان دەکەنە ئامانج.

٩- بەدواداچوونی ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی لەپشت روداوە تیرۆریستییەکانن و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بەوەی ئەو گروپانە بەهای ئاینی و نەتەوەییان نییەو هەموان چاوکراوەبن و نەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە.

### راگەیاندنی ئاسایش لەهەرێمی کوردستاندا

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە دامەزراوە بە مەبەستی دابینکردنی هێمنی و بەرقەرار کردنی ئارامی بۆ هاوڵاتیان، لە پاڵ گرتنە بەری رێوشوێنی سەربازی و ئەمنی بەردەوام ئەم دەزگایە لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی لە پارێزگاکان گرنگی داوە بە راگەیاندن و بە هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم دراوە بۆ سەرخستنی کارەکانی ئاسایش، لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بەشی راگەیاندنی خۆی هەیە بۆ هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان، ئەو بەشە پشت بە (تەلەفزیۆن) و (ئەنتەرنێت) دەبەستێ جگە لەوەش بە گۆڤار و رۆژنامەو بیلبۆردی سەر شەقامەکان بەکاردێنێ، هاوکات هێڵێکی گەرمی داناوە بۆ بەردەوامی وەڵامدانەوەی هەرمەترسیەک بەهەمان شێوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی پشت بە (رۆژنامە، تەلەفزیەن، رادیۆ، سۆشیال میدیا) دەبەسترێت جگە لەوەی چەندین بڵاوکردنەوە بەکاردێنن بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو خستنە رووی کارەکانیان (رزگار حەمەرەحیم حمە کەریم، چاوپێکەوتن، 2019/11/20، 10:30 بەیانی)، هەروەک بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆری سلێمانی بەشێکی تایبەتیان بە راگەیاندن هەیە کە لەوەێوە کار و چالاکی و ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە دەخەنە روو، لە رێگەی بڵاو کردنەوەی پەیام و ڤیدیۆی تایبەت بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە (رەوەند محمد عبدلرحمان چاوپێکەوتن، 2019/10/10، 15:30 نیوەرۆ.) .

راگەیاندنی ئاسایش لە روبەروبونەوەی هەڕەشەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی کوردستان بەحوکمی هەستیاری ئەو دۆخە سیاسییەی هەیبووە، بەردەوام روبەڕووی هەڕەشەی تیرۆریستی بۆتەوە، هەروەک ژمارەیەک گروپ کەلەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە گروپی تیرۆریستی ناسراون لە نێو هەرێمی کوردستان چالاکی خۆیان ئەنجامداوە، لەسەر ئەم بنەمایە پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە ژمارە 3ی ساڵی 2006 پەسەند کرد و تا ئێستا سێ جار بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلایەن پەرلەمانەوە درێژ کراوەتەوە https://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/101207113257.pdf).

مەترسی تیرۆر لەسەر هەرێمی کوردستان لەدوای هێرشی (11 سێپتێمبەرەوە) هێرشی گروپی تیرۆریستی (ئەنسار وئیسلام) بۆناوچەی هەورامان و هەڵەبجە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایسی هەرێمی دا، کە هەردوو دەزگای دژە تیرۆری سلێمانی و هەولێر و ئاسایشی سلێمانی و هەولێری گرتە خۆ لەپێناو دروستکردنی هێزێکی بەهێز و ئامادە بۆ روبەرو بونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان، لەدوای دروست بونی گروپی داعش کاری ئەم ئەنجومەنە بەرفراوانتر بوو، کە لەهەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

لە پاڵ گرتنە بەری رێوشوێنە سەربازییەکان، راگەیاندن میکانیزکێکی دیار بووە کە دەزگاکانی تایبەت بە روبەروبونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان گرتویانەتە بەر، ئەم دەزگایانە پەنایان بردۆتە بەر بەشەکانی راگەیاندنی خۆیان و بڵاوکراوەو لێدوان و کۆنگرەی رۆژنامەنووسی و بەیاننامە و پەیج و ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و روبەروبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر، هەندێ جاریش بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی هەڵمەتی هۆشیارییان بەرپاکردووە، ئەم هەڵمەتە هۆشیارییانە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ ئەو دەمەی رێکخراوی داعش وەک هەڕەشە بۆ سەر هەرێم بوونی هەبوو لە زۆرێک لە رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنی و رادیۆو ماڵپەرو پەیجە ئەلکترونییەکان بڵاودەکرایەوە.

## بەشی سێهەم
## لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

ئەم بەشەی توێژینەوەکە بە ئاگابوونە لە رۆڵی راگەیاندنی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەمەبەستی روبەروبونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر کە بەم شێوەیە خراوەتە روو:

### یەکەم: هەنگاوە بەراییەکان

١ - *جۆرو میتۆدی توێژینەوە :*

ئەم توێژینەوەیە وەک جۆر لە توێژینەوە وەسفییەکانە، وەک میتۆدیش پشت بەستراوە بە میتۆدی روپێوی، هەردوو توێژەر فۆرمێکی پێوانەییان لەسەر بنەمای لیکەری پێنجی بونیاد ناوە کە ٣٨ برگە لە خۆ گرتووە.

٢-*کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوە:*

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە تەواوی مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، هەڵەبجە)، درەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەش بەشێوەی (هەرەمەکی چینایەتی) کە لەکۆی (5514) مامۆستا، رێژەی (15٪) وەرگیراون.

٣ -*بوارەکانی توێژینەوە:*

توێژینەوەکە سێ بواری گرتۆتەوە ئەوانیش:

ا- بواری شوێن: مەبەستمان لەهەرێمی کوردستانە و هەر چوار زانکۆ حکومییەکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، هەڵەبجە).

ب- : بریتییە لەو کاتەی کە فۆرمەکان دابەشکران و کۆکرانەوەو هەڵاوێرکران کە لە 2019/3/2 تا 2019/5/5 بەردوام بوو.

پ- بواری مرۆیی: ئەو مامۆستایانەی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە فۆرمەکانیان بەسەردا دابەشووکراوە کە ژمارەیان (827) مامۆستان ، بەڵام لەکۆی گشتیدا بری (604) فۆرم گەڕایەوە.

٤ -*تیۆری بەکارهاتوو:*

بۆ دروستکرنی فۆرمێکی تایبەت بە رۆڵی پەیامی راگەیاندنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان ئەم توێژینەوەیە بەباشیزانی تیۆریی پشت بەستن بەهۆکارەکانی راگەیاندن بکاتە بنەما بۆ دیاری کرنی ئەو رۆڵە بەو پێیەی ئەو تیۆرە پێی وایە پەیامەکانی راگەیاندن رۆڵیان هەیە لە دروستکردنی کۆمەڵێک کاریگەری لەسەر جەماوەر کە بریتین لە

(رۆشنبیری ، ویژدانی، رەفتاری) (Matthew Loveless, 2008, pp. 165.) ، بەم شێوەیە دەیان خەینەروو:

رۆشنبیری (زانیاری بەخشین): ئەم جۆرەیان کاردەکاتە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لەرێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بەشێوەیەک کە دەبێتە هۆی دەرخستنی ئاڵۆزییەکان و رونکردنەوەیان، دروستکردنی رای گشتی، ریزبەندی کردنی پێداویستییەکان، فراوانکردنی پێشنیار و تێچینەکان، راهێنان و پشتگیری کردنی بەهاکانی کۆمەڵگا . (Taha Najim, in 7/8/2016).

ویژدانی: پەیوەستە بەهەندێک کرداری ویژدانی وەک هەست، سۆز و لێکدانەوەی سۆزداری و کەمتەرخەمی، ترس و دڵەراوکێ، پاڵپشتی ماددی و جیابونەوە. (حسن عماد مكاوي، 2007، ص412-413).

رەفتاری: لەچوارچێوەی هەڵسوکەتدا کۆ دەبێتەوە ئەوانیش (چالاکی، کاتێک بینەر بەرهۆکارەکانی راگەیاندن رەفتار دەنوێنێت بەشێوازی ئەرێنی یان نەرێنی) (Sandra Ball Rokeach, 1982, pp.240).

*٥ -ئامرازەکانی توێژینەوە:*

ئەم توێژینەوەیە پەنای بۆ فۆرمی پێوانەیی بردووە وەک ئامرازی توێژینەوە، هەردوو توێژەر لە سەر بنەمای تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن تەوەرەو برگەکانی فۆرمی پێوانەییەکەیان دارشت.

*٦ -دروستی رواڵەتی:*

بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی پێوانەیی توێژنەوەکە، هەردوو توێژەر پشتیان بە رێگەی دروستی رواڵەتی بەستووە، کە بریتییە لە پیشاندانی فۆمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی (پ.د سابیر بکر مستەفا / پسپۆری پەروەردەی بنەرەتی/ ز.سلێمانی، پ.ی.د کەمال عەبدوڵا حەسەن / پسپۆری رامیاری/ ز.سلێمانی، پ.ی.د حەکیم عوسمان حەمید / پسپۆری میدیا/ ز.پۆلی تەکنیک، پ.ی.د ابتیسام اسماعیل قادر / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د سەلام نەسرەدین محەمەد / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی، پ.ی.د ژیا عباس قادر / پسپۆری کاری کۆمەڵایەتی/ ز.سلێمانی، پ.ی.د رێبەر گۆران مستەفا / پسپۆری میدیا / ز.پۆلی تەکنیک).

دوای گەرانەوەی فۆرمەکە و بەهەند وەرگرتنی تێبینیە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، رادەی رێکەوتنی هەڵسەنگێنەران بەرێژەی (91.66) بوو، کەئەمەش رێژەیەکی گونجاوە لەرووی زانستییەوە.

*٧-جێگیری :*

بۆ گەیشتن بەجێگیری توێژەران هەستان بەدووبارە دابەشکردنەوەی فۆرمەکە بەتێپەربونی ماوەی (سێ مانگ) بەسەر مێژووی یەکەم دابەشکردندا، بەسەر رێژەی (10٪) سامپڵی توێژینەوەکە کە (827) لێتوێژەران، بەپشت بەستن بەیاسای (کرۆمباخ) بۆ جێگیری، کەناوەندی هاویەکی توێژەران لەگەڵ لێتوێژەراندا کردییە (0.878) ئەمەش بەرێژەیەکی بەرز دادەنرێت بۆ دڵنیا بون لەرووونی راستگۆیی فۆرمی روپێوییەکە.

*٨ -پرکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی:*

بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژنەوەکە، هەردوو توێژەر لەسەر بنەمای لیکەرتی پێنجی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە پێنج بژاردەیان خستبووە بەردەم لێتوێژەران کە بریتی بوون لە (هەمیشە، زۆرجار، هەندێجار، کەمجار، هەرگیز)، برگەکەکانیش دابەش بوون بەسەر برگەی ئەرێنی و نەرێنی، ژمارە (5) درابەگۆراوی (هەمیشە) واتە (بەتەواوەتی لەگەڵیدام) ژمارە (4) درا بەگۆراوی (زۆرجار) واتە (لەگەڵیدام) ژمارە (3) درا بەگۆراوی (هەندێ جار) واتە (دوو دڵی لەهەڵبژاردندا)، ژمارە (2) بۆ گۆراوی (کەم جار) واتە (کەمترین جار لەگەڵیدام) و ژمارە (1) بۆ گۆرای (هەرگیز) واتە (بەتەواوەتی لەگەڵیدانیم)، بەپێچەوانەشەوە گۆراوەکان راستە بۆ تەوەرە پێچەوانەکان، واتە گۆراوی (1) لەبرگە ئەرێنییەکان دەبێتە ژمارە (5) لەگۆراوە نەرێنییەکان، کەواتە گەر لێتوێژەرێک لەگەڵ گۆراوێک بوو ئەرێنی بوو ئەوا دژی گۆراوی نەرێنییە و بەپێچەوانەشەوە راستە.

*٩ -چارەسەرە ئامارییەکان:*

توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ئەم شێوازە ئامارییانەیان بەکارهێناوە:

آ- دووبارەو رێژەی سەدی بۆ خستنە رووی زانیارییە گشتییەکانی بەرتوێژەران.

ب- نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ خستنەرووی ئەنجامی برگەکانی فۆرمی پێوانەیی.

پ- (T - Test) بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی تاک سامپڵ .

ج (One-Way ANOVA) - بۆ دەرهێنانی جیاوازی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی سێ بەرەو سەرن.

چ (LSD) -بۆ دیاریکردنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان کە لەبەرژەوەندی کام لایەندایە .

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی لێتوێژەران

*١ -زانیاری بنەرەتی لێتوێژەران:*

دوای هەڵاویرکردنی زانیارییە بنەرەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە رووی (رەگەز، تەمەن، زانکۆکان، پسپۆری، نازناوی زانستی) سامپڵی توێژینەوەکەمان کەژمارەیان دەگاتە (608) لێتوێژەر، بەم شێوەیەیە:

أ: رەگەز: بە پلەی یەکەم رەگەزی (نێر) دێت بە (412) دووبارەو بەرێژەی (67.7) و رەگەزی مێیش بە پلەی دووەم دێت بە (196) دووبارە بەرێژەی (32.2).

ب: تەمەن: بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە لەنێوان (40-44) ساڵیدان بەدووبارەی (199) و لەپەلی دووەمدا هەردووو تەمەنی (35-39) و (45-49) دێن بەدووبارەی (117) بەرێژەی (19.2٪)، هەروەها لەپلەی سێهەمدا (30-34) دێت لەپلەی چوارەم و پێنجەمیشدا تەمەنەکانی (50 بەرەو سەر) و (25-29)، کەواتە خشتەکە دەریدەخات کەبەشداربوانی تەمەنی (25-29) لەدوا پلەدانو کەمترین بەشداربویان هەیە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ وەستاندنی دامەزراندن لەوەزارەتەکاندا لەهەرێمی کوردستان، کەمی تەماشاکردنی بابەتەکانی پێوەست بەپەیامەکانەوە لەلایەن ئەم تەمەنەوە.

پ: زانکۆکان: بە پلەی یەکەم زانکۆی سەلاحەدین دێت بە (219) دووبارە بەرێژەی

سەدی (36.0)، لەپلەی دووەمدا زانکۆی سلێمانی هەیە بە (184) دووبارە و لەپلەی سێهەمدا زانکۆی دهۆک دێت بە (182) دووبارە لەدوا پلەدا زانکۆی هەڵەبجە بەهۆی تازەی زانکۆکەوە و کەمی مامۆستاوە کە ژمارەی دووبارەکان دەگاتە (23) دووبارە.

ت: پسپۆڕی: بەپلەی یەکەم پسپۆڕی زانستی بە (323) دووبارە و ڕێژەی سەدی (53.1) و لەپلەی دووەهەمیشدا پسپۆڕی مرۆیی بە (285) دووبارە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری کەلێج و بەشە زانستیەکان لەسەرجەم زانکۆکاندا.

ج: نازناوی زانستی: لەپەلی یەکەمدا نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) دێت بە (295) دووبارە و لەپلەی دووهەمدا نازناوی (مامۆستا) بە (179) دووبارە و لەپلەی سێهەمدا (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بە (99) دووبارە و لەدوا پلەدا نازناوی (پرۆفیسۆری) بە (35) دووبارە، هۆکاری زاۆری نازناوی مامۆستای یاردیدەدەر کەمی دابینکردنی هەل و مەرج و کورسی خوێندن و کەمی ژمارەی نازناوی (پرۆفیسۆر) بۆ زۆری ماوەی وەرگرتنی ئەم نازناوەو ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر تویژینەوەی زانستییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

خشتەی (1)
زانیاری بنەڕەتی لێتوێژەران

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 412 | 67.7 | 1 |
| | مێ | 196 | 32.2 | 2 |
| | کۆ | 608 | 100 | |
| تەمەن | 44-40 | 199 | 32.7 | 1 |
| | 39-35 | 117 | 19.2 | 2 |
| | 49-45 | 117 | 19.2 | 2 |
| | 34-30 | 66 | 10.8 | 3 |
| | 50 بەرەو سەر | 57 | 9.3 | 4 |
| | 29-25 | 52 | 8.5 | 5 |
| | کۆ | 608 | 100 | |
| زانکۆ | سەلاحەدین | 219 | 36.0 | 1 |
| | سلێمانی | 184 | 30.2 | 2 |
| | دهۆک | 182 | 29.9 | 3 |
| | هەڵەبجە | 23 | 3.7 | 4 |
| | کۆ | 608 | 100 | |
| پسپۆڕی | زانستی | 323 | 53.1 | 1 |
| | مرۆیی | 285 | 46.8 | 2 |
| | کۆ | 608 | 100 | |
| نازناوی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 295 | 48.5 | 1 |
| | مامۆستا | 179 | 29.4 | 2 |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 99 | 16.2 | 3 |
| | پرۆفیسۆر | 35 | 507 | 4 |
| | کۆ | 608 | 100 | |

2- ڕادەی بەرکەوتنی مامۆستایانی زانکۆ بەوەرگرتنی پەیەمەکانی ئاسایش لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە

دوای هەڵاوێکردنی ئەنجامی لێتوێژەرەکان دەرکەوت کە پەیامەکانی ئاسایش بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی تیرۆر لەرێگەی هۆکاری ڕاگەیاندنی تەلەفزیەنەوە لەپلەی یەکەمدا دێت بە دووبارەی (1043) و لەپلەی دووهەمیشدا ئەنتەرنێت دێت بە دووبارەی (787)، ئەمەش هۆکارەکای دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی هەژمونی هۆکاری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن لەهەرێمی کوردستان بەبەراورد بە ئەنتەرنێت، (لێتوێژەرەکان دەتوانن زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێرن بۆیە ژمارەکان زیاتر دەردەکەون)

لەگەیشتنی پەیامەکانیش لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دابەش دەبێت بەسەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەم شێوەیە:

ا: لەپلەی یەکەمدا کەناڵی ڕووداو دێت بە دووبارەی (251) و لەپلەی دووهەمدا کەناڵی (Kurdistan 24) بە دووبارەی (239) و لەپلەی سێهەمدا (Kurdistan TV)بە (144) دووبارە و لەپلەی چوارەمدا (گەلی کوردستان) بە (122) دووبارە و لەپلەی پێنجەم و شەشەمدا هەردوو کەناڵی (NRT) و (Kurdsat)دێن بە دووبارەکانی (114) و (97) لەدوا پلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆهەمدا کەناڵەکانی (Payam) (Speda) (KNN) دێن بەدووبارەکانی (44) و (17) و (16)، هۆکاری زیاتر گەیشتنی پەیامەکان لە کەناڵەکانی شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی شەڕی دژی تیرۆر لەو ناوچانە و زۆرتر گرنگیدان بە پەیامەکانی دەزگاکان ئاسایش لەلایەن ئەو کەناڵانەوە.

ب: لەگەشتنی پەیامەکان لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دابەش دەبن بەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەم شێوەیە:

لەپلەی یەکەمدا تۆڕەی کۆمەڵایەتی (Facwbook) دێت بە (274) دووبارەو تۆری (Youtube) لەپلەی دووەمدا دێت بە (261) دووبارەو لەپلەی سێهەم و چوارەمدا تۆرەکانی (Instagram) و (Twitter) دێن بەدووبارەکانی (129) بە (101)، لەدوا پلەکانی پێنجەم و شەشەمدا تۆرەکانی (My Space) و (Flicker) دێن بەدووبارەکانی (12) بە (10)، لەپلەکانو دووبارەکاندا دەرکەتووە کە تۆری فەیسبوک لەپلەی یەکەمدایە ئەمەش بۆهۆکاری زۆری بەکارهێنەرانێتی لەسەر ئاستی جیهاندا، بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی (2)

وەرگرتنی پەیامەکانی ئاسایش لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە

| وەلاَم | دەزگای ڕاگەیاندن | چەندبارە | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی ژمێرەی | پەرشبونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | Kurdsat | 97 | 9.3 | 0.19 | 0.395 | 0.156 |
| | Rudaw | 251 | 24.065 | 0.50 | 0.500 | 0.250 |
| | Kurdistan 24 | 239 | 22.914 | 0.47 | 0.500 | 0.250 |
| | NRT | 114 | 10.930 | 0.23 | 0.419 | 0.175 |
| | KNN | 46 | 4.410 | 0.09 | 0.288 | 0.083 |
| | Payam | 16 | 1.534 | 0.03 | 0.175 | 0.031 |
| | Speda | 17 | 1.629 | 0.03 | 0.181 | 0.033 |
| | Gali Kurdistan | 122 | 11.697 | 0.24 | 0.248 | 0.183 |
| | Kurdistan TV | 141 | 13.518 | 0.28 | 0.449 | 0.202 |
| | هی تر | 0 | 0 | 00 | 00 | 00 |
| کۆی گشتی | | 1043 | 100 | | | |
| ئەنتەرنێت | You Tube | 261 | 33.163 | 0.52 | 0.500 | 0.250 |
| | Facebook | 274 | 34.815 | 0.54 | 0.499 | 0.249 |
| | Tweeter | 101 | 12.833 | 0.20 | 0.401 | 0.161 |
| | Instagram | 129 | 16.391 | 0.26 | 0.437 | 0.191 |
| | My Space | 12 | 1.524 | 0.02 | 0.153 | 0.023 |
| | Flicker | 10 | 1.270 | 0.02 | 0.140 | 0.019 |
| | هی تر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | 787 | 100 | | | |

3- ڕادەی وەرگرتنی مامۆستایانی زانکۆ بۆ پەیامەکانی دەزگاکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر

دوای هەڵاویرکردنی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت بەوەی ئایا بینەری پەیامەکانی دەزگاکانی ئاسایش بون یان نا، لەپلەی یەکەمدا وەڵامی بەڵێیە بە (504) دووبارە بەرێژەی سەدی (82.894) و لەپلەی دووەمدا وەڵامی نەخێرە بە (104) دووبارە و ڕێژەی سەدی (17.105)، بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی (3)

خستنە ڕووی ڕادەی وەرگرتنی پەیامەکانی ئاسایش

| وەرگرتنی پەیامەکان | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 504 | 82.894 | 1 |
| نەخێر | 104 | 17.105 | 2 |
| کۆی گشتی | 608 | 100 | |

4- خشتەی پێنجەم: تایبەت بەو لێتوێژەرانەی کە وەڵامیان نەخێر بووە بۆ وەرنەگرتنی پەیامەکانی هەڵمەتە هۆشیارییەکان کە ژمارەیان دەگاتە (104) لێتوێژەر، بەپێی هەر سێ زانکۆکان وەک لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە: (هەر لێتوێژەرێک بۆی هەبووە زیاتر لە بژاردەیەک هەڵبژێرێت).

بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت کەهۆکاری (بەهۆیی بونی هۆشیاری خودی پێویستم بەپەیامەکان نەبووە) لەپلەی یەکەم دێت و زۆرترین دووبارەی بە (67) بەهەمان شێوەی بژاردەی (بەشێوازێکی گونجاو نمایش نەکراون کەسەرنج ڕاکێش بن) تۆمارکەدوون، لەپلەی دووەمدا بژاردەی (لەبەرئەوەی نەکەوتۆتە بەرچاوم) بە (65) دووبارە و بژاردەی (گرنگی بەپەیامەکان نادەم و جێگەی بایەخ نین لای من)و (لەبەرئەوەی هەست ئەکەم ڕۆڵی نییە لەهۆشیارکردنەوەمدا) و (لەکات و شوێنی گونجاو نمایش نەکراون) لەپلەکانی سێیەم تاوەکو پێنجەمیان گرتووە بە دووبارەکانی (27) و (26) و (25)، بڕوانە خشتەی ژمارە (4).

خشتەی (4)

تایبەت بەو لێتوێژەرانەی پەیامەکانیان نەبینیوە یەکێک لەهۆکارەکانیان دەست نیشان کردووە

| زانکۆکان | هەڵبژاردەکان | چەندبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| هەر سێ زانکۆکە | لەبەرئەوەی نەکەوتۆتە بەرچاوم | 65 | 28.634 | 2 |
| | گرنگی بەپەیامەکان نادەم و جێگەی بایەخ نین لای من | 27 | 11.894 | 3 |
| | بەشێوازێکی گونجاو نمایش نەکراون کەسەرنج ڕاکێش بن | 67 | 29.515 | 1 |
| | لەکات و شوێنی گونجاو نمایش نەکراون | 25 | 11.013 | 5 |
| | لەبەرئەوەی هەست دەکەم ڕۆڵی نییە لەهۆشیارکردنەوەمدا | 26 | 11.453 | 4 |
| | بەهۆیی بونی هۆشیاری خودی پێویستم بەپەیامەکان نەبووە | 67 | 29.515 | 1 |
| | هی تر | 0 | 0 | 6 |
| کۆی گشتی | | 227 | 100 | |

5- خستنەرووی ئەنجامەکانی فۆرمی پێوانەیی

بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامی لایەنی پراکتیکی تایبەت بەلایەنی پێوانەکردن لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران مامەڵەیان لەگەڵ وەڵامی ئەو لێتوێژەرانەدا کرد کە تەماشای پەیامەکانی دەزگاکانی ئاسایش دژی تیرۆریان کردووە و وەڵامی فۆرمی پێوانەکردنەکەیان داوەتەوە کە ژمارەیان (504) کەس بوو، بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی نێوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بڕگەکان و پلە بەندکردنیان توێژەران پرۆگرامی (SPSS) یان بەکارهێناوە، بۆ دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەتیش، توێژەران ئەم ڕێگەیان گرتە بەر:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە بژاردەی لیکەرتی پێنجی بەکارهێناوە، (هەمیشە، زۆرجار، هەندێجار، کەمجار، هەرگیز)، بڕگەکەکانیش دابەش بوون بەسەر بڕگەی ئەرێنی و نەرێنی، ژمارە (5) درابەگۆڕاوی (هەمیشە) واتە (بەتەواوەتی لەگەڵێدام) ژمارە (4) درا بەگۆڕاوی (زۆرجار) واتە (لەگەڵێدام) ژمارە (3) درا بەگۆڕاوی (هەندێ

جار) واته (دوو دڵی لەهەڵبژاردندا) ق ژماره (2) بۆ گۆڕاوی (کەم جار) واته (کەمترین جار لەگەڵیدام) و ژماره (1) بۆ گۆڕای (گەرگیز) واته (بەتەواوەتی لەگەڵیدانیم)، بەپێچەوانەشەوە گۆڕاوەکان راستە بۆ تەوەرە پێچەوانەکان، واتە گۆڕاوی (1) لەبرگە ئەرێنییەکان دەبێتە ژمارە (5) لەگۆڕاوە نەرێنییەکان، کەواتە گەر لێتوێژەرێک لەگەڵ گۆڕاوێک بوو ئەرێنی بوو ئەوا دژی گۆڕاوی نەرێنییە و بەپێچەوانەشەوە راستە، لەسەر ئەم بنەمایە، بۆ دەرهێنانی مەودا (range) ، زۆرترین بەها کەمترین بەهای لێدەردەکەین و دابەشی کۆی بژاردەکانی دەکەین تا ئەنجامی مەودا بەردەست دەکەوێت واتە: ( 5-1= 4) (4÷5=0.80)، واتە مەودا دەکاتە: 0.80، بۆیە رادەی کاریگەرێتی لەسەر پلەی بژاردەکان بەم شێوەیە دەبێت 1 تا 1.80 کاریگەرییەتیەکی لاواز، 1.80 تا 2.60 کاریگەرییەتیەکی مام ناوەند، 3.40 تا 4.20 کاریگەرییەتیەکی بەهێز، 4.20 تا 5.00 کاریگەرییەتیەکی زۆر بەهێز ئەنجامی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەش بەگوێرەی فۆرمی پێوانەییەکە بەم شێوەی خوارەوە :

1- کاریگەرێتی پەیامەکانی هۆشیاری روبەرو بونەوەی تیرۆر لەسەر خودی مامۆستایانی زانکۆ:

بۆ ئاشکراکردنی (پەیامەکانی روبەرو بونەوەی تیرۆر کەلەلایەن دەزگاکانی ئاسایش ئەنجام دەدرێت) ، توێژەران ئەم هەنگاوانەیان گرتە بەر، دەرهێنانی ئێوەندی ژمێرەیی راستەقینەی برگەکان کە بریتی بوو لە (151.18) لەگەڵ ئێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی کە بریتی بوو لە (114) لەگەڵ لادانی پێوەری کە (8.245) بوو ، دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی "ت"One-Sample T. Test دەرکەوت کە بەهای "ت" بریتییە لە (15.033) بە پلەی سەربەستی (503) (df) و بە ئاماژەی (0.000) (sig)، ئەم ئەنجامەش لە رووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، واتە پەیامەکانی هۆشیاری روبەرو بونەوەی تیرۆر لەسەر خودی مامۆستایانی زانکۆ لەپرسی بەرەگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی(5):

خشتەی (5)

خستنەرووی ئەنجامی تاقیکردنەوەی "ت" بۆ وەڵامی لێتوێژەران

| سامپڵ | کۆی ئێوەندە ژمێرەی راستەقینەی برگەکەکان | کۆی ئێوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای "ت" T.Test | پلەی سەربەستی DF | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 504 | 151.18 | 114 | 15.033 | 225.754 | 503 | 0.000 |

6- کاریگەری پەیامەکان لەسەر ئاستی رۆشنبیری مامۆستایانی زانکۆ لەپرسی روبەرو بونەوەی تیرۆر

دوای هەڵاویرکردنی برگەکانی تەوەرەی تایبەت بەکاریگەری رۆشنبیری هەڵمەتە هۆشیارییەکان لەسەر مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان، دەرکەوت ئاستی ناوەندە ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی هەر سێ جۆری ئاست لەخۆ دەگرێت بە (زۆر بەرز، بەرز، مام ناوەند)، لەسەر ئاستی برگەکانیش برگەی چوارەم ئاماژە بەوە دەدات کە (زانیارییەکان چاوکراوەمان دەکات دەربارەی جومولّی تیرۆریستان) لەپلەی یەکەمدا دێت بەئاستێکی زۆر بەرز، و لەپلەی دووەمیشدا برگەی ژمارە (7) دێت هەرچەندە ناوەندە ژمێرەی لەگەڵ برگەی (25) یەکسانە بەڵام لادانی پێوەری بەرزترە لەدەگاتە (0.925) کەجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پەیامەکان (زانیاریت پێ دەبەخشێت کە تیرۆریستان دوورن لەهەموو بنەمایەکی ئایینی) و برگەی (25)یش لەپلەی سێیەمدایە و لادانی پێوەرییەکەی دەگاتە (0.624) و باس لە (زانیاریت پێدەدات کە تیرۆریستان هەوڵی لەخشتەبردنی گەنجان دەدەن) بەئاستێکی بەرز و ناوەندە ژمێرەی (4.78)، لەپلەی چواهەمدا برگەی (23)ی تایبەت بە (جەخت لەسەقامگیری بارودۆخی ئاسایش دەکاتەوە) بەئاستێکی بەرز، پەیامەکان (زانیاریت لەسەر شکستی تیرۆریستان دەخاتەروو) لەبرگەی (18) لەپلەی پێنجەمدایە، پلەی شەشەمیش بۆ برگەی (1) کەتایبەتە بە پەیامەکان (زانیاری لەپیلانی تیرۆریستان دەدات)، بەڵام لەبرگەی (10) ئاستی بەرز تۆمارکراوە پەیامەکان (زانیاریت پێ دەبەخشێت کەچۆن تیرۆریستان ئایین دەقۆزنەوە بۆ دروستکردنی رق و کینە) و ناوەندە ژمێرە دادەبەزێت بۆ (3.80) لەپلەی حەوتەمدایە، هەرچی پلەی هەشتەم بۆ برگەی (38)ە کە باس لە(سەبارەت ئاشکرا کردنی چەک و تەقەمەنی و جبەخانەی تیرۆریستان دەخاتە روو)، لەپلەی نۆهەمدا برگەی (9) دێت تایبەتە بە (زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر توانای هێزەکانی دژە تیرۆر لەرووبەرووی بونەوەی تیرۆردا)، پلەی دەهەم پەیامەکان باس لە (زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر چۆنێتی رێگری کردن لە تیرۆریستان) کەلەبرگەی (6)دایە، و پلەی یانزدەهەم بۆ برگەی (32) بۆپەیامەکانی (رای هێناویت لەسەر گرنگی دان بەئاسایش و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆریستان)، پلەی دوانزدەهەم بۆ برگەی (20) و (زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر ئەو کەلێنانەی کە تیرۆریستان دەیقۆزنەوە) هەر لەئاستی بەرزدایە، هەرچی پلەی سیانزدەهەمە بۆ برگەی (26) و (لەرێگەی کەسایەتیە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا زانیاری تەواو لەسەر خۆپارێزی لەگروپە تیرۆریستیەکانەوە دەخاتە روو) دوایەمین ئاستی بەرزە و بەدوایدا ئاستی مام ناوەند دێت بۆ برگەکانی (15) و (12) لەتایبەتەن بە (زانیاریت پێدەدات دەربارەی توانای هێزەکانی دژە تیرۆر لەئاشکراکردنی حەشارگەی تیرۆریستان) و (وادەکات زانیاریت سەبارەت بەشێوازی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هەبێت) لەپلەکانی چواردەهەم و پانزدەهەمدا دێن، هەریەکە لەبرگەکان بەپێی جۆری هەڵمەتەکە و ئاستەکەی لە زۆربەرزەوە دەست پێدەکات تاوەکو ئاستی مام ناوەند، بڕوانە خشتەی ژمارە (6).

خشتەی (6)

دەرخستنی کاریگەری رۆشنبیری لەسەر سامپڵەکەمان

| ژ | تەوەر | ناوەندە ژمێرە | ئاست | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | زانیارییەکان چاوکراوەمان دەکات دەربارەی جومولّی تیرۆریستان | 4.81 | زۆر بەرز | .576 | 1 |
| 7 | زانیاریت پێ دەبەخشێت کە تیرۆریستان دوورن لەهەموو بنەمایەکی ئایینی | 4.78 | زۆر بەرز | 1.075 | 2 |
| 25 | زانیاریت پێدەدات کە تیرۆریستان هەوڵی لەخشتەبردنی گەنجان دەدەن | 4.78 | زۆر بەرز | .947 | 3 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 23 | جەخت لەسەقامگیری بارودۆخی ئاسایش دەکاتەوە | 4.75 | زۆر بەرز | .654 | 4 |
| 18 | زانیاریت لەسەر شکستی تیرۆریستان دەخاتەروو | 4.71 | زۆر بەرز | .720 | 5 |
| 1 | زانیاری لەپیلانی تیرۆریستان دەدات | 3.94 | زۆر بەرز | .901 | 6 |
| 10 | زانیاریت پێ دەبەخشێت کەچۆن تیرۆریستان ئایین دەقۆزنەوە بۆ دروستکردنی رق و کینە | 3.80 | بەرز | .994 | 7 |
| 38 | زانیاری سەبارەت بەئاشکرا کردنی چەک و تەقەمەنی و جبەخانەی تیرۆریستان دەخاتە روو | 3.79 | بەرز | .981 | 8 |
| 9 | زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر توانای هێزەکانی دژە تیرۆر لەرووبەروو بونەوەی تیرۆردا | 3.77 | بەرز | .925 | 9 |
| 6 | زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر چۆنێتی ریگری کردن لە تیرۆریستان | 3.63 | بەرز | 1.020 | 10 |
| 32 | رای هێناویت لەسەر گرنگی دان بەئاسایش و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆریستان | 3.59 | بەرز | 1.001 | 11 |
| 20 | زانیاریت پێ دەبەخشێت لەسەر ئەو کەلێنانەی کە تیرۆریستان دەیقۆزنەوە | 3.46 | بەرز | .906 | 12 |
| 26 | لەریگەی کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا زانیاری تەواو لەسەر خۆپاریزی لەگروپە تیرۆریستیەکانەوە دەخاتە روو | 3.44 | بەرز | 1.192 | 13 |
| 15 | زانیاریت پێدەدات دەربارەی توانای هێزەکانی دژە تیرۆر لەئاشکراکردنی حەشارگەی تیرۆریستان | 3.39 | مام ناوەند | .654 | 14 |
| 12 | وادەکات زانیاریت سەبارەت بەشێوازی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هەبێت | 3.30 | مام ناوەند | .935 | 15 |

7- کاریگەری پەیامەکان لەسەر ئاستی ویژدانی مامۆستایانی زانکۆ لەپرسی رووبەرو بونەوەی تیرۆر

دوای هەڵاوێرکردنی برگەکانی تەوەرەی تایبەت بەکاریگەری ویژدانی هەڵمەتە هۆشیارییەکان لەسەر مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان، دەرکەوت ئاستی ناوەندە ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی تەنها بەئاستی بەرز لەخۆ دەگرێت، لەسەر ئاستی برگەکانیش برگەی (29) ئاماژە بەوە دەدات کە (وات لێدەکات متانەت بەهێزەکانی دژە تیرۆر هەبێت) لەپلەی یەکەمدا دێت بەئاستێکی زۆر بەرز، و لەپلەی دووەمیشدا برگەی (36) دێت تایبەت بە (دڵەراوکێ (نیگەرانی) بەرامبەر تیرۆریستان کەم کردۆتەوە)، برگەکانی ژمارە (2) و (21) هەرچەندە هەمان ئاستیان تۆمار کردووە بەڵام لادانی پێوەریان جیاوازە، بۆیە برگەی (21) لادانی پێوەرەرییەکی دەگاتە (0.972)لەپلەی سێهەمدا دێت کەجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پەیامەکان (دەتخاتە باری ئامادە باشییەوە بۆ رووبەروو بونەوەی تیرۆریستان) و برگەی (2) لەپلەی چوارەمدا دێت چونکە لادانی پێوەری دەگاتە (0.938) و باس لە (ئەو بروایەی چەسپاندووە کە تیرۆریستان چاویان بەئاوەدانی هەڵنایەت) بەئاستێکی بەرز و ناوەندە ژمێرەی (3.79)، لەپلەی پێنجەمدا برگەی (24)ی تایبەت بە (ئەو بروایەی چەسپاندووە کە تیرۆریستان دژی بەپێکەوە ژیانی ئایینە کانن) بەئاستێکی بەرز، پەیامەکان (ئەو بروای چەسپاندووە کە بەپروپاگەندەی تیرۆریستان لەخشتە نەبرێین) لەبرگەی (13) لەپلەی شەشەمدایە، پلەی حەوتەم بۆ برگەی (27) کەتایبەتە بە پەیامەکان (وریای کردویتەوە کە تیرۆریستان وەک کاڵایەک دەروانە مێینە)، هەرچی پلەی هەشتەمە بۆ برگەی (16)ە کە باس لە(وادەکات رق ئەستور بیت بەرامبەر گروپە تیرۆریستییەکان)، لەپلەی نۆهەمدا برگەی (37) دێت تایبەتە بە (رۆشنبیری ئایینی دور لە توند و تیژی لەناخدا دەچەسپێنێت)، پلەی دەهەمدا پەیامەکان باس لە (ترسی هاووڵاتیان بەرامبەر تیرۆریستان نەهێشتووە) کەلەبرگەی (33)دایە، گشت برگەکان ئاستی بەرزیان تۆمارکردووە، بروانە خشتەی ژمارە (7).

خشتەی (7)

دەرخستنی کاریگەری ویژدانی لەسەر سامپڵەکەمان

| ژ | تەوەر | ناوەندە ژمێرە | ئاست | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 29 | وات لێدەکات متانەت بەهێزەکانی دژە تیرۆر هەبێت | 4.81 | زۆر بەرز | .596 | 1 |
| 36 | دڵەراوکێ (نیگەرانی) بەرامبەر تیرۆریستان کەم کردۆتەوە | 4.81 | زۆر بەرز | .557 | 2 |
| 21 | ئەو بروایەی چەسپاندووە کە تیرۆریستان چاویان بەئاوەدانی هەڵنایەت | 3.79 | بەرز | .972 | 3 |
| 2 | دەتخاتە باری ئامادە باشییەوە بۆ رووبەروو بونەوەی تیرۆریستان | 3.79 | بەرز | .938 | 4 |
| 24 | ئەو بروایەی چەسپاندووە کە تیرۆریستان دژی بەپێکەوە ژیانی ئایینە کانن | 3.75 | بەرز | .975 | 5 |
| 13 | ئەو بروایەی چەسپاندووە کە بەپروپاگەندەی تیرۆریستان لەخشتە نەبرێین | 3.74 | بەرز | .639 | 6 |
| 27 | وریای کردویتەوە کە تیرۆریستان وەک کاڵایەک دەروانە مێینە | 3.71 | بەرز | .938 | 7 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 16 | وادەکات رق ئەستور بیت بەرامبەر گروپە تیرۆریستییەکان | 3.63 | بەرز | .975 | 8 |
| 37 | رۆشنبیری ئاینی دور لە توند و تیژی لەناخدا دەچەسپێنێت | 3.59 | بەرز | 1.075 | 9 |
| 33 | ترسی هاوولاتیان بەرامبەر تیرۆریستان نەهێشتووە | 3.45 | بەرز | 1.095 | 10 |

8- کاریگەری پەیامەکان لەسەر ئاستی رەفتاری مامۆستایانی زانکۆ لەپرسی رووبەرو بونەوەی تیرۆر

دوای هەڵاوێرکردنی برگەکانی تەوەرەی تایبەت بەکاریگەری رەفتاری هەڵمەتە هۆشیارییەکان لەسەر مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان، دەرکەوت ئاستی ناوەندە ژمێرەیی تەوەرەکە بەگشتی هەر سێ جۆری ئاست لەخۆ دەگرێت بە (زۆر بەرز، بەرز، مام ناوەند)، لەسەر ئاستی برگەکانیش برگەی (14) ئاماژە بەوە دەدات کە (وات دەکات خۆت بەدوور بگریت لەهەژموونی تیرۆریستان) لەپلەی یەکەمدا دێت بەئاستێکی زۆر بەرز، و لەپلەی دووەمیشدا برگەی ژمارە (28) دێت کەجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پەیامەکان (پەیوەندی نێوان هاوولاتیان و هێزەکانی دژە تیرۆری بەتین کردووە)، لەپلەی سێهەمدا برگەی (5)ی تایبەت بە (وات دەکات رەفتارو هەڵسوکەوتی تیرۆریستان بناسیتەوە) بەئاستێکی بەرز، پەیامەکان (وات دەکات بتوانیت مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی نەخوازراوی تیرۆریستاندا بکەیت) لەبرگەی (19) لەپلەی چوارەمدایە، پلەی پێنجەمیش بۆ برگەی (35) کەتایبەتە بە پەیامەکان (گیانی برایەتی و هاوکاری لەنێوان پێکهاتە ئاینی و نەژادییەکاندا بەهێز کردووە)، بەڵام لەبرگەی (8) ئاستی بەرز تۆمارکراوە پەیامەکان (بەئاگات دێنێت لەکاتی پێویستدا هێزەکانی دژە تیرۆر ئاگادار بکەیتەوە) و ناوەندە ژمێرە دادەبەزێت بۆ (3.93) لەپلەی شەشەمدایە، هەرچی پلەی حەوتەمە بۆ برگەی (3)ە کە باس لە(وادەکات هاوکاری هێزەکانی دژەتیرۆر بکەیت)، لەپلەی هەشتەمدا برگەی (17) دێت تایبەتە بە (وات دەکات پیلانی تیرۆریستان ئاشکرا بکەیت)، پلەی نۆیەم بۆ برگەی (22)ە هەرچەندە لەرووی ئاستەوە هەمان ئاستی برگەی (31) هەیە، بەڵام لادانی پێوەری زیاترە و دەگاتە (1.031) بەرزترە لە لادانی پێوەری برگەی (31) کە دەگاتە (0.981) بۆیە لە پلەی دەهەمدا دێت، کەپەیامەکانی برگەی (22) باس لە (وات دەکات چاوکراوە و چاودێربیت بەسەر ئەندامانی خێزانەکەت تا تیرۆریستان لە خشتەیان نەبەن) و پەیامەکانی برگەی (31) باس لە (وات لێدەکات ئاسایشی وولات بە ئاسایشی خۆت بزانیت)، و پلەی یازدەهەم بۆ برگەی (11) بۆپەیامەکانی (هەڵمەتی هۆشیاری وادەکات پەیوەندی بەهێزەکانی دژە تیرۆرەوە بکەیت و ببیتە ئەندام) بەئاستی مام ناوەند، پلەی دوانزدەهەم بۆ برگەی (34) و (فێری کردوویت لەکاتی دروست بونی بارودۆخی نالەباری تیرۆریستدا رەفتاری بوێر بنوێنین)، هەرچی پلەی سیانزدەهەمیشە بۆ برگەی (30) و (بەئاگات دێنێت لەکاتی نائاساییدا هاوکاری کەسانی تر بکەیت) دواهەمین برگەیەو لەئاستی مام ناوەندایە، هەریەکە لەبرگەکان بەپێی جۆری هەڵمەتەکە و ئاستەکەی لە زۆربەرزەوە دەست پێدەکات تاوەکو ئاستی مام ناوەند، بروانە خشتەی ژمارە (8).

خشتەی (8)

دەرخستنی کاریگەری رەفتاری لەسەر سامپڵەکەمان

| ژ | تەوەرە | ناوەندە ژمێرە | ئاست | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | وات دەکات خۆت بەدوور بگریت لەهەژموونی تیرۆریستان | 4.83 | زۆر بەرز | 2.344 | 1 |
| 28 | پەیوەندی نێوان هاوولاتیان و هێزەکانی دژە تیرۆری بەتین کردووە | 4.79 | زۆر بەرز | .590 | 2 |
| 5 | وات دەکات رەفتارو هەڵسوکەوتی تیرۆریستان بناسیتەوە | 4.77 | زۆر بەرز | .621 | 3 |
| 19 | وات دەکات بتوانیت مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی نەخوازراوی تیرۆریستاندا بکەیت | 4.76 | زۆر بەرز | .654 | 4 |
| 35 | گیانی برایەتی و هاوکاری لەنێوان پێکهاتە ئاینی و نەژادییەکاندا بەهێز کردووە | 4.63 | زۆر بەرز | .758 | 5 |
| 8 | بەئاگات دێنێت لەکاتی پێویستدا هێزەکانی دژە تیرۆر ئاگادار بکەیتەوە | 3.93 | بەرز | .931 | 6 |
| 3 | وادەکات هاوکاری هێزەکانی دژەتیرۆر بکەیت | 3.79 | بەرز | .978 | 7 |
| 17 | وات دەکات پیلانی تیرۆریستان ئاشکرا بکەیت | 3.57 | بەرز | 1.013 | 8 |
| 22 | وات دەکات چاوکراوە و چاودێربیت بەسەر ئەندامانی خێزانەکەت تا تیرۆریستان لە خشتەیان نەبەن | 3.56 | بەرز | 1.013 | 9 |
| 31 | وات لێدەکات ئاسایشی وولات بە ئاسایشی خۆت بزانیت | 3.56 | بەرز | .981 | 10 |
| 11 | هەڵمەتی هۆشیاری وادەکات پەیوەندی بەهێزەکانی دژە تیرۆرەوە بکەیت و ببیتە ئەندام | 3.40 | مام ناوەند | 1.213 | 11 |
| 34 | فێری کردوویت لەکاتی دروست بونی بارودۆخی نالەباری تیرۆریستدا رەفتاری بوێر بنوێنین | 3.38 | مام ناوەند | 1.071 | 12 |
| 30 | بەئاگات دێنێت لەکاتی نائاساییدا هاوکاری کەسانی تر بکەیت | 3.31 | مام ناوەند | .963 | 13 |

9- کاریگەرێتی پەیامەکان لەسەر لێتوێژەران لەسەرجەم تەوەرەکاندا:

بە ووردبوونەوە لە زانیارییەکانی کاریگەرێتی پەیامەکانی دژی روبەرو بونەوەی تیرۆر، دەردەکەوێت کە کاریگەرێتی پەیامەکان تایبەت بە تیرۆر لەسەر لایەنی رۆشنبیری بە بەراورد لەگەڵ تەوەرەکانی دیکەدا بەپلەی یەکەم دێت، بەپلەی دووەمیش تەوەرەی لایەنی ویژدانی و لە پلەی سێیەم و کۆتایش کاریگەرییەتی کاریگەرییەتی لەسەر رەفتاری مامۆستایان،

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو هەڵمەتانە زیاتر کاریگەریتی کردۆتە سەر لایەنی رۆشنبیری، بڕوانە خشتەی ژمارە (9).

خشتەی (9)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی وەڵامی لێتوێژەرەکان

| ر | ناوەندە ژمێرە | ئاست | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەوەری یەکەم | 42.79 | زۆر بەرزە | 3 |
| تەوەری دووەم | 53.85 | زۆر بەرزە | 2 |
| تەوەری سێهەم | 54.57 | زۆر بەرزە | 1 |
| کۆیی گشتی | 504 | | |

10- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی رەگەز

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ت" دەردەکەوێت کە لە هەرسێ تەوەرەی یەکەم و تەوەرەی دووەم و سێهەمدا کە تایبەتن بەکاریگەریتی پەیامەکان لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی رەفتاری هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی رەگەز، بڕوانە خشتەی ژمارە (10).

خشتەی (10)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی رەگەزی لێتوێژەرەکان

| بوار | رەگەز | ناوەندە ژمێرە | لادانی ژمێرەی | بەهای (T) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری بەخشین | نێر | 42.71 | 4.727 | .552 | .581 |
| | مێ | 42.96 | 4.858 | .546 | .585 |
| کاریگەری ویژدانی | نێر | 53.97 | 5.738 | .845 | .396 |
| | مێ | 53.90 | 6.006 | .839 | .404 |
| کاریگەری رەفتاری | نێر | 54.45 | 6.138 | .588 | .557 |
| | مێ | 54.81 | 6.772 | .568 | .571 |

11- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرە یەکەم و تەوەرەی سێهەمدا کە تایبەتن بەکاریگەریتی پەیامەکانی تایبەت بەتیرۆر لە سەر ئاستی مەعەریفی و رەفتاری مامۆستایان لە پرسی روبەرو بونەوەی تیرۆر جیاوازی بەدی دەکرێت لە وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی تەمەن، بەڵام لە تەوەرەی دووەمدا کە تایبەت بە کاریگەرێتی پەیامەکان لەسەر ویژدانی دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەو پێیەی بەهای ئاماژە کە 0.189 یە زیاترە لە بەهای خشتەیی 0.05، ئەو جیاوازییەش کەلەنێوان تەوەری یەکەم و سێهەمدا دەرکەوتووە بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی هەردوو تەمەنی (40-44) لەگەڵ (35-39) کە رێژەی ناوەندە ژمێرەی دەگاتە (1.609)، هەروەها جیاوازی لەنێوان هەردوو تەمەنی (45-49) لەگەڵ (35-39) ناوەندە ژمێرەکەی دەگاتە (1.794)، هەروەها (35-39) بەهەمان شێوە جیاوازی هەیە لەگەڵ تەمەنی (50 بەرەوسەر) بەناوەندە ژمێرەی (1.721)، هەروەها بەپێی تەوەری دووەم جیاوازی تەمەن لەنێوان تەمەنی (45-49) لەگەڵ (30-34) بەناوەندە ژمێرەی (2.271)، بەڵام لەتەوەری سێهەمدا جیاوازی تەمەن لەنێوان (25-29) لەگەڵ (35-39) بەناوەندە ژمێرەی (3.057)، هەروەها جیاوزی لەگەڵ تەمەنی (40-44) بەناوەندە ژمێرەی (2.149)، لەتەوەری سێهەمدا بەهەمان شێوە جیاوازی دەرکەوتووە لەگەڵ تەمەنی (40-44) بەناوەندە ژمێرەی (1.711)، تەمەنی (50 بەرەوسەر) لەگەڵ (35-39) بەناوەندە ژمێرەی (3.372) و لەگەڵ تەمەنی (40-44) بەناوەندە ژمێرەی (2.464)، بڕوانە خشتەی ژمارە (11).

خشتەی (11)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی تەمەنی لێتوێژەرەکان

| بوار | تەمەن | ژمارە | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی ژمێرەی | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی رۆشنبیری | 29-25 | 43 | 8.531 | 43.00 | 4.588 | 2.128 | .061 |
| | 34-30 | 54 | 10.714 | 42.13 | 4.798 | | |
| | 39-35 | 97 | 19.246 | 41.58 | 4.361 | | |
| | 44-40 | 166 | 32.936 | 43.19 | 4.401 | | |
| | 59-45 | 97 | 19.246 | 43.37 | 4.919 | | |
| | 50 بەرەوسەر | 47 | 9.325 | 43.30 | 6.154 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 42.79 | 4.767 | | |
| کار لایەنی ویژدانی | 29-25 | 43 | 8.531 | 53.58 | 5.261 | 1.499 | .189 |
| | 34-30 | 54 | 10.714 | 52.48 | 5.772 | | |
| | 39-35 | 97 | 19.246 | 53.13 | 4.888 | | |
| | 44-40 | 166 | 32.936 | 54.19 | 6.350 | | |
| | 59-45 | 97 | 19.246 | 54.75 | 5.303 | | |
| | 50 بەرەوسەر | 47 | 9.325 | 53.70 | 6.965 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 53.82 | 5.824 | | |
| لایەنی رەفتاری | 29-25 | 43 | 8.531 | 56.05 | 5.627 | 3.415 | .005 |
| | 34-30 | 54 | 10.714 | 54.87 | 6.743 | | |
| | 39-35 | 97 | 19.246 | 52.99 | 5.345 | | |
| | 44-40 | 166 | 32.936 | 53.90 | 6.368 | | |
| | 49-45 | 97 | 19.246 | 55.61 | 6.355 | | |
| | 50 بەرەوسەر | 47 | 9.325 | 56.36 | 7.417 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 54.57 | 6.346 | | |

12- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی زانکۆکان

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرە یەکەم و تەوەرەی دووەم و سێیەمدا کە تایبەتن بەکاریگەرێتی پەیامەکانی تایبەت بەتیرۆر لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی و رەفتاری مامۆستایان لە پرسی روبەرو بونەوەی تیرۆر جیاوازی بەدی دەکرێت لە وڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی زانکۆکان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەو پێیەی بەهای ئاماژەکان دەگاتە 0.000 لەتەوەرەکانی یەکەم و سێیەمدا و لەتەوەری دووەمدا دەگاتە 0.003 زۆر بەهێزیشە کەمترە لە بەهای خشتەیی 0.05، ئەو جیاوازییەش کەلەنێوان تەوەری یەکەم و دووەم و سێیەمدا دەرکەوتووە بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی زانکۆی سلێمانی دەرکەتووە لەگەڵ زانکۆکانی سەلاحەدین و دهۆک و هەڵەبجە دەرکەوتووە بەپێی خشتەکە جیاوازییەکە زۆرتر دەرکەوتووە لەنێوان زانکۆی سلێمانی و دهۆک بەبەراورد بەزانکۆکانی تری هەرێم، کەواتە هەر سێ تەوەری رۆشنبیری و ویژدانی و رەفتاری کاریگەری بەهێزیان لەسەر سامپڵەکان بەپێی زانکۆکان دروست کردووە، بروانە خشتەی ژمارە (12).

خشتەی (12)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی شوێنی کارکردنی لێتوێژەرەکان لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان

| بوار | زانکۆ | ناوەندە ژمێرە | لادانی ژمێرەی | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری یەکەم | سلێمانی | 44.42 | 5.867 | 9.613 | .000 |
| | سەلاحەدین | 41.81 | 4.529 | | |
| | دهۆک | 42.53 | 3.516 | | |
| | هەڵەبجە | 41.52 | 2.352 | | |
| تەوەری دووەم | سلێمانی | 55.24 | 6.493 | 4.759 | .003 |
| | سەلاحەدین | 53.16 | 6.491 | | |
| | دهۆک | 53.44 | 4.140 | | |
| | هەڵەبجە | 52.09 | 2.539 | | |
| تەوەری سێیەم | سلێمانی | 58.52 | 6.730 | 33.267 | .000 |
| | سەلاحەدین | 52.80 | 6.223 | | |
| | دهۆک | 53.05 | 4.362 | | |
| | هەڵەبجە | 52.39 | 3.714 | | |

13- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی پسپۆڕی

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە هەردوو تەوەرە یەکەم و تەوەرەی دووەمدا کە تایبەتن بەکاریگەرێتی پەیامەکانی تایبەت بەتیرۆر لە سەر ئاستی مەعەریفی و ویژدانی مامۆستایان لە پرسی روبەرو بونەوەی تیرۆر جیاوازی بەدی دەکرێت لە وڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی جیاوازی زانکۆکان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە وەڵامی لێتوێژەراندا بەو پێیەی بەهای ئاماژەکان دەگاتە 0.000 بۆ هەردوو پسپۆڕی زانستی و مرۆیی و زۆر بەهێزیشە کەمترە لە بەهای خشتەیی 0.05، ئەو جیاوازییەش کەلەنێوان تەوەری یەکەم و دووەم دەرکەوتووە بە گوێرەی تاقیکردنەوەی (LSD) لە بەرژەوەندی تەوەری یەکەمدا دەرکەتووە لەگەڵ تەوەری دووەم، بەپێی خشتەکە گیچ جیاوازییەک زۆرتر دەرنەکەوتووە لەنێوان تەوەری سێیەم بەبەراورد بەتەوەرەکانی تر، کەواتە هەر دوو تەوەری رۆشنبیری و ویژدانی کاریگەری بەهێزیان لەسەر سامپڵەکان بەپێی پسپۆڕیان دروست کردووە، بروانە خشتەی ژمارە (13).

خشتەی (13)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی پسپۆڕی

لێتوێژەرەکان لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان

| تەوەرەکان | پسپۆڕی | ژمارە | % | ناوەندە ژمێرە | پەرش بوونەوە | بەهای (T) | ژمارەی ئازادی (DF) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری یەکەم | مرۆڤایەتی | 233 | 15.410 | 41.79 | 4.851 | 4.466 | 502 | .000 |
| | زانستی | 271 | 17.923 | 43.66 | 4.527 | 4.443 | 478.836 | .000 |
| تەوەری دووەم | مرۆڤایەتی | 233 | 15.410 | 52.72 | 5.700 | 3.969 | 502 | .000 |
| | زانستی | 271 | 17.923 | 54.76 | 5.775 | 3.973 | 492.556 | .000 |
| تەوەری سێیەم | مرۆڤایەتی | 233 | 15.410 | 54.17 | 6.568 | 1.320 | 502 | .187 |
| | زانستی | 271 | 17.923 | 54.92 | 6.139 | 1.313 | 479.129 | .190 |
| کۆی گشتی | | 1512 | 100 | | | | | |

14- جیاوازی وەڵامی لێتوێژەران بەگوێرەی گۆڕاوی نازناوی زانستی

لە رێگەی تاقیکردنەوەی "ف" دەردەکەوێت کە لە نێوان هەرسێ تەوەرەکاندا هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت، چونکە بەهای (ئاماژە) زیاترە لە بایە (0.05) بۆیە جیاوازییەکە دەرناکەوێت، بروانە خشتەی ژمارە (14).

خشتەی (14)

جیاوازی هەر سێ تەوەرەکە بەپێی نازناوی زانستی

لێتوێژەرەکان لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان

| بوار | نازناوی زانستی | چەندبارە | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی ژمێرەی | بەهای (F) | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری ی | مامۆستای یاریدەدەر | 208 | 41.269 | 42.04 | 4.648 | 3.300 | .020 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماموستا | 179 | 35.515 | 43.11 | 4.299 | | |
| | پرۆفیسوری یاریدەدەر | 88 | 17.460 | 43.72 | 5.177 | | |
| | پرۆفیسور | 29 | 5.753 | 43.45 | 6.305 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 42.79 | 4.767 | | |
| تەوەری دووەم | ماموستای یاریدەدەر | 208 | 41.269 | 53.17 | 5.406 | 1.932 | .123 |
| | ماموستا | 179 | 35.515 | 54.32 | 6.015 | | |
| | پرۆفیسوری یاریدەدەر | 88 | 17.460 | 54.56 | 6.026 | | |
| | پرۆفیسور | 29 | 5.753 | 53.10 | 6.586 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 53.82 | 5.824 | | |
| تەوەری سێیەم | ماموستای یاریدەدەر | 208 | 41.269 | 54.13 | 6.073 | .978 | .403 |
| | ماموستا | 179 | 35.515 | 54.55 | 6.241 | | |
| | پرۆفیسوری یاریدەدەر | 88 | 17.460 | 55.40 | 6.814 | | |
| | پرۆفیسور | 29 | 5.753 | 55.34 | 7.389 | | |
| | کۆ | 504 | 100 | 54.57 | 6.346 | | |

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

بەپێی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەمان لەمیتۆدنامەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێداوە و لەرێگەی شیکارکردنی وەڵامی لێتوێژەرەکانمان تایبەت بەپەیامەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

زۆربەی ماموستایانی زانکۆ ئاگاداری پەیامەکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستانن، ئەمەش مانای وایە پەیامەکان توانیویانە سەرنجی دەستە بژێری ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستاندا بەلای خۆیاندا رابکێشن لەرێگەی بەرکەوتنی زۆریان بە تەلەفزیۆن وەک لە سۆشیاڵ میدیا، بەڵام هاوکات چەند دەستەبژێریکی ئەکادیمی لەماموستایانی زانکۆش بەرکەوتنیان بۆ پەیامەکان نەبووە و گرنگترین هۆکاریشی کەخستویانەتە روو بریتیەلە (بەشێوازێکی گونجاو نمایش نەکراون کەسەرنج راکێش بن) پەیامەکان و (بەهۆیی بونی هۆشیاری خودی پێویستم بەپەیامەکان نەبووە).

پەیامەکان توانیویانە زانیاری گونجاو وڤ تەواو بدەنە دەستە بژێری ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستان و هۆشیاریان بکەنەوە سەبارەت بەتیرۆر و تیرۆریستان و کاریگەری رۆشنبیری دروست بکەن، ئاستی لایەنی رۆشنبیری لێتوێژەران بەرز بکەنەوە.

پەیامەکان توانیویانە لەلایەنی ویژدانییەوە کاریگەری و رۆڵیان هەبێت لەسەر دەستەبژێری ئەکادیمی و متمانەیان لەلا دروست بکەن.

پەیامەکانی بەرێوەبەرایەتییەکانی ئاسایشی هەرێم توانیویانە بەشێوازێکی گونجاو بەهێز کار بکەنە سەر لایەنی رەفتاری دەستەبژێری ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستان.

پەیامەکان جیاوازی ئاماری خستۆتەروو لەسەر هەر پێنج ئاستەکە واتە (رەگەز، تەمەن، زانکۆکان، پسپۆری، نازناوی زانستی) کاریگەریان دروست کردووە لەهەموو ئاستەکاندا لەسەر دەستە بژێری ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستاندا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی عەرەبی:

حسن عماد مكاوي و عاطف عدلي العبد .(2007). نظريات الإعلام، القاهرة.

حسين عبد االله عماد .(1991). إدارة الأمن في المدن الكبرى، الرياض، المرآز العربي للدراسات الأمنية والتدريب.

ساسي فياض الكيسي .(2008) . رفع المسؤلية الجنائية في أسباب الإباحة، بيروت، دار الكتب العلمية.

عبدالرحمن بن محمد ابن الحمراء القحطاني. (2012) . دور الاعلام في مكافحة الارهاب، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، الرياض.

مازن إسماعيل الرمضاني.(1981). مقدمة في الجوانب النظرية لمفهوم الأمن الخارجي، مجلة الأمن والجماهير، السنة الثانية العدد 04، العراق، تموز-يوليو.

مدحت أبوبكر محمد سليمان.(2017). الدور الثقافي للإعلام الأمني، كلية دراسات العليا بأكاديمية الشرطة المصرية، ورد هذا بحث للدورية، الإمارت.

نور علي إبراهيم.(2013). دور مؤسسات الضبط الاجتماعي في الوقاية من الفساد، مجلة لنزاهة و الشفافية للبحوث والدراسات ، بغداد، العدد الخامس.

### سەرچاوەی کوردی:

ئیبراهیم سەعید.(2018). شێوزای بەگەڕخستنی میدیا لە روبەرووبونەوەی مەترسیەکانی تیرۆردا، گۆڤاری جۆرناڵ، سلێمانی، ژمارە 20، کانونی دووەمی 2018.

### سەرچاوەی ئینگلیزی:

Acquisti, Alessandro, and Gross, Ralph. (2009). Predicting Social Security numbers from public data, Proceedings of the National Academy of Sciences, 106 (27).

Garner, Bryan A. (2004). Black s Law Dictionary, West, A Thomson Business, USA, 8th edition.

Matthew Loveless. (2008). Media Dependency: Mass Media as Sources of Information in the Democratizing Countries of Central and

Eastern Europe ,Center for Research and Social Progress (CeRSP), Ph.D. Political Science.

Melvin L. Defleur & Sandra Ball Rokeach. (1982). Theories of Mass Communication, 4th ed, (New York:Longman.

Shoemaker, P, Eichholz, M. Kim, E, Wrigley. B. (2001).Individual and Routine Forces in Gate Keeping , J & Mc Quarterly , Vol , 78 , No 2.

### توێژینەوەی زانستی

ذياب المؤمني عطاف، الدور الاجتماعي للشرطة وأثره في الوقاية من الجريمة والانحراف في الأردن، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاجتماع، آلية الآداب، الجامعة الأردنية، عام، 1996.

فاطمة نفيدسة، العلاقة بين النسق القيمي و الدور الاجتماعي لدى المرأة الطارقية، رسالة ماجستير، الجزائر، جامعة قاصدي مرتاح و مرقلة، كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم علم النفس و العلوم التربية ، 2007.

### سەرچاوەی ئەنتەرنێت:

WOLFERS (Arnold) ،"National Security as an Ambiguous Symbol" ، Political Science Quarterly, Vol. 67, n: 4 (Dec, 1952) ،The Academy of political science, in ( http://www.jstor.org/stable/2145138), accessed: 05/05/2019 19:57.

Taha Najim, http://drtahanegm.blogspot.com/2011/11/blog-post_6684.html: in 7/8/2016

https://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/101207113257.pdf, 11/2/2020, 3:37 pm.

### چاوپێکەوتن:

رزگار حەمەرەحیم حمە کەریم، ، لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکان ئاسایشی سلێمانی، 10:30 بەیانی، چاوپێکەوتن، 2019/11/20.

رەوەند محمد عبدلرحمان، ووتەبێژ و بەرپرسی راگەیاندنی دژە تیرۆر، سلێمانی، 15:30 نیوەرۆ، چاوپێکەوتن، 2019/10/10.